# كولتوری بەعس و كاریگەری لەسەر بنەماو پێكهاتەی ڕەوشت وخەسڵەتەكانی كۆمەڵگەو حزب وتاك لە عێراق و كوردستان دا

ئارام بۆگدی

## بەشی یەكەم

پێش هەر ئاماژەیەک بۆ پرۆسەی گۆڕانكاری یەكانی ئێستاو دەست بردن بۆ چارەسەرەكان و پێشەوە بردن یان دەستپێكی هەنگاوی یەكەم,بۆ گۆڕینی ئەو لەنگەرگرتنەی كە ئەقڵیەتی كۆمەلگەی عێراق و كوردستانی گرتۆتەوە دەبێ شەقڵی ئەو هەنگاوە بە گەڕانەوە بۆ مەرجەعیەتی بەعس بگێرینەوە بۆ شكاندنی دیواری ئەو كولتورەی كە بەعس دایڕشتووە,بەوەی كە بەعس نەوەیەكی تەمەن نیو سەدەیی بەرێژەیەكی بەرچاو چەواشەكردووە و كاریگەری شی لە سەر بەشەكەی تریش دابنێ و نائومێدی بكا بەوەی كە بەعس بەو دەسەلاتە ڕەهاو ترسناكەی بەكاری هێناوە دەبێتە كۆی هێزی داینەمۆ یەک بۆ یەكلاكردنەوەی هزری بەعسیزم لە نێو كۆمەلگەی عێراق و پێكهاتە جیاوازەكانی دا,جگە لە یاخی بوون نەبێت لە دەسەلاتی بەعس

ئەو یاخی بوونەش بەشێكی بەرچاو ی لە چوارچێوەی هەم كولتورو هەمیش لە پێكهاتە جیاكانی ولاتێكی بەزۆر بە یەكەوە لكێنراو,دەبێتە یاخی بوونی بەشێک لەو نەتەوەیەی كە كە خودی بەعس لە سەر بنەماكانی قڕكردنی دامەزراوە.

بە لایەكەی ترەوە سودوەرگرتن لە سادەیی و كەم بوویی ڕادەی ڕۆشنبیری كە وابەستەبێت بە ەدەسەلاتێكی ڕەهاو بەوەی كە نابێ هزرو فەلسەفەیەكی تر بوونی هەبێ لە نێو كۆمەڵگەیەک كە پێش هاتنی بەعس كۆمەلكەیەكی كراوە بووەو لە هەنگاونان دا بووە بۆمۆدێرنەكردنی كۆمەلگە لە قۆناغێكی وەک دەرەبەگایەتی و خاوەندارێتی دا ,كەچی بەعس وكولتورەكەی توانی جگە لەو تاوانە مرۆیانەی كە ماوەی پتر لە 35ساڵ هەموو خەسڵەت و ڕەوشت و بنەما كۆمەلایەتی یەكانی لە ناو خۆیدا لە قالب بداو نەوەیەک بەرهەم بێنێ كە پڕاوپڕ تا سالانێكی زۆری تر لە خۆی بچێ !!!یان دەراویتەی پاشماوەی بەعس بێ و بەوەش بەعسیزم وەک هزرێک یان فەلسەفەیەكی شۆڤینیستی درێژە بە لێكترازاندنی بنەما مەعریفی یەكانی لە یەک تێگەیشتن وئاوڕدانەوە بۆ تێزەكانی دیموكراسی ..یان دیموكراتیزەكردن وهەنگاونان بۆ ئەو پرۆسێسە بدا.

بۆیە تا ئەم ساتە و ئایندەیەكی نا دیاریش پێش بینی یەكان یان تێزەكانی هەر تێڕوانینێكی لۆژیكیانە بۆ زمان یا دەم كوتین لە پرۆسەی دیموكراسی هەنگاوە سەرەتایی یەكان بۆ شارستانی كردنی ئەو كۆمەلگەیە ڕەنگە لە چوارچێوەی تەنها پەیڤی ڕۆشنگەرایی و توێژێكی بە خەمەوەبووی سەرقاڵ بە خێرایی گۆڕینی كۆمەڵگە بێت,كە ئەویش ئەگەر توشی تۆمەتباری نەبێتەوە ...ئەوا ڕەنگە گالتەجاری پێ بكرێ!!!

چونكە تا ئەمرۆ بەوەی هەموو دیاردە وخەسڵەت و هتد ..یەكان دەگەڕێنەوە بۆكولتوری بەعس ..واتە ئەگەر ئەمرۆ گاڵتەجاڕی بەڕۆشنگەری بكرێ دوێنێ سەردەمی دەسەلاتی بەعس جوانترین دیاری ئەوە بوو چۆن بتوانی ئازاری ئەوی تر بدەی ,,,ئەوەش بە قەد نزیكی مێشک و دڵ لە دەسەلاتی خۆماڵی كوردی ووا بەستەبوونی بەو كولتورە نزیكەو دواجار یش خۆی لە دەسەلاتی دوای بەعس نمایش دەكا!!

تەلخ بوونی هەر دەسەلاتێک لە بەر دەم بیركردنەوەی خوارەوە بۆ سەرەوە ناتوانێ ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی كێشمەكێشمی لێكترازان وئاوێتەبوونی ئەوهاوكێشە ئالۆزانەبێت كە بریتی یە لە پێكهاتەی یان پێكهاتنی ئیتنیكی عێراقی كە خودی ئەو پێكهاتەیە لە بنە ڕەتەوە دەراویتەی ئەو نەتەوەیە نی یە كە خۆی پێوە گرێ داوە !بەڵكو ڕەنگە بەشێكی یان خودی بەشە عەرەبی یە كەی وەكو نمونەی بە عەرەب بوونی ولاتی میسر و هتد ,,كە كولتورێكی وەک ئەوەی بەعس واتە هەمان قورەیش وعەرەبی كە خۆی لە پرۆسەی دوا ئاین ودوا پەیامبەر ,,,قوت كردەوە بۆ درێژەپێدانی هەمان كولتور و زمانێک كە(خوا ) قسەی پێ دەكا,!؟ ڕەنگە بەعسیزم درێژەپێدەری بێت!!بەوەی كە بەعس ویستی لە ناو هەناوی( عروبە)دا وەک

فەلسەفەیەکی سواخ دراو بە بیری سۆسیالیستی کە لە سەردەمی دروستبوونی بەعس دا شیاو و باو بوو پەل بهاوێ و دوا قۆناغیش دەکرێ بڵێین ئەگەر ئەو پرۆسەیە سەرکەوتنی بەدەست بێنایە ئەوا دوور نەبوو خۆیان لە پەیامبەرێکی تازەی عەرەب و ئیسلام نمایش بکەن ئەوەش خۆی لە پەیامەکانی سەدام دا لە دوای گرتنی دەسەڵات لە عێراق دا بینی وە ,کە خۆی و عێراق وسوپا فاشی یەکەی لە شەڕ ی عێراق-ئێران دا بە پارێزەری دەروازەی ڕۆژهەڵاتی نیشتمانی عەرەبی ناو زەدکرد ..کە پتر لە سێ ملیۆن مرۆڤی تیا چوو.

ئەگەر بەعس دەراویتەی ڕاستەقینەی ناو هەناوی نەتەوەی عەرەب نە بووبێت؟!!ئەوا چۆن و بۆچی هێندە جوانە بۆ ڕەمزی نەتەوەیی؟!

بەعس لەکاتێکدا هاتە کایەوە کە بزاڤی چەپ و سۆسیالیستی لە برەوی پێشەوەچوون دابوو.لەگەڵ ئەوەی وەک پارت وگروپێکی ناسیونالیستی بە ناوی سۆسیالیستی عەرەبی خۆی نمایش کرد,چۆن توانی خۆی بخاتە پێشەوەی ئەوبزاڤەو حزبی شیوعی عێراق بەو هەموو توانا جەماوەری یەی ئەوسای بخاتە پەراوێزو بیکاتە پلەی دووەم لە خوێندنەوەی سۆڤیەت و تا دەگاتە بلۆکی ڕۆژهەڵات و...هتد.!؟

واتە لەوێ دا تواناکانی بەعس دەردەکەوێ بۆ بنیات نانی دەسەڵاتێکی وەک بەعس!کە پرسیاری زۆر هەڵدەگرێ؟کە چۆن بەعس ئەگەر خاوەنی سەرانێکی بودەڵەوترسنۆکی وکو سەدام بووبێت؟!چۆن ئەو دەسەڵاتە هاتەکایەوە؟!ئەگەر سەری سەرکردە خودی سەدام بووبێت؟!بەڵام چۆن ئەو ئاشی دەسەڵاتە لە ماوەی 35ساڵدا خەڵکی هاڕیووە!؟ ئایا تەنها سەدام تاوانبارە !.؟یان هەموو ئەوانەی کە بەعسیزم بەرهەمی هێناون؟؟!

کاریگەری بەعس بۆ قۆرغکردنی دەسەڵات بۆ ئایندەیەکی نا دیار درێژەی دەبێت,ئەوەش هەر لە دوای ڕوخانی پەیکەری ترس و تا لە ناو ئەنجومەنی حوکم..و حکومەتی عەللاوی ئەوەی ئێستاش هەمان شێوازە بەڵام بوونی ئەمریکا وای کردووە کە پڕاوپڕ وەک ئەوەی بەعس نەبێت ,ئەگینا ئێستاش ئەگەر بلوێ ئەوا ئەقڵیەتی کودەتا لە ناو هەر تاکێک دا گرمۆڵە بووە کە بەعس داڕێژەری بەشی هەرەزۆری ئەو ئەقلیەتەیە وئەگەر یش سەیرێکی دەسەڵاتە خۆماڵی یەکەی لە مەڕ خۆشمان بکەین ئەوا خەریکە پتر بنەمای دەسەڵات خۆی لە بنەماڵە دا نمایش دەکاو ئەگەر درێژەی هەبێت ئەوا دوور نی یە هەمان ئایندە بەرهەم بێنێ,کەپاشکۆی ئەو کولتورەیە کە بەعس داڵدە دەری بووە بۆ لێکترازاندنی بنەما ئەخلاقی یەکانی تاک وناکۆکی ..بێ بڕوابوون ,

بە خودی تاکی ناوخێزان کە ترسناکترین پرۆسێسە بۆ لێک هەڵوەشاندنی بنەما کۆمەڵایەتی یەکان ولاوازکردنی تاک لە بەر دەم هەر ڕەهەندێک کە ناوی دەسەڵاتبێ!!!

ئەوەش بە شێوەیەکی بەرچاو لە دەسەڵاتی ئەمڕۆی کوردستان دا ڕەنگی داوەتەوە تا ئەو ڕادەی کە تاک هێندە بێ هودە بێ لە دوو دڵی بە بڕوابوون بە پێشکەوتن !!هێندە زەلیل بکرێ بگەڕێتەوە بۆ قەدەر و نەوەیەکی تازە لە جیاتی پەروەردە بە ئێستای مۆدێرنە ,بگێڕێتەوە بۆ بڕوابوون بە پوچگەرایی.هتد

نمایش کردنی سەرجەم ئالودەبوونەکانی کۆمەڵگەی ئێمە کاریگەری پەروەردەی بەعس_ە بە سەر تەواوی کۆمەڵ وچەمکە ڕۆشنگەری یەکان !یان ڕۆشنگەری یەک پاک نەکرابێتەوە لە پاشخانی بەعس ناتوانێ بە ئاسانی ڕەوتی کۆمەڵگەیەک بگۆڕێ کە بەعس پەروەردەکاری بووبێ !زۆر جار بۆشایی یەک نامێنێ بۆ تێگەیشتن لە لۆژیک و مەعریفە بۆیە پرۆسەکان بە چەق بەستن دەگەن و هەر دەسەڵاتێک لە سەر بنەمای سەرەوە و خوارەوە یان باڵاو ئەویتر هەمان دەسەڵاتی ڕەها بەرهەم دێنێ ,ئەگەر کەشێکی گونجاویش بە ئاراستەی دروستبوونەوەی بەعس بێتە ئاراوە ئەوا لە بۆتەو فۆرمێکی تر دا هەمیشە ئەو بوارە شێوەی ئاسایی وەر دەگرێ ,,چونکە بەعس خاوەنی ئەو ئایدا یە یە بۆ بەرهەم هێنانی....